خوشکێکم نەزری کرد لەسەر ئەوەی کە بە پێی پەتیەوە بچێت بۆ ماڵی خودا، وفەرمانی پێکردم کە داوای فەتوایەک بکەم لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، منیش داوای فەتوایەکم کرد لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بەم مەسەلەیە، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: با ڕێبکات وسواریش ببێت

لە عوقبەی کوڕی عامرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «خوشکێکم نەزری کرد لەسەر ئەوەی کە بە پێی پەتیەوە بچێت بۆ ماڵی خودا، وفەرمانی پێکردم کە داوای فەتوایەک بکەم لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، منیش داوای فەتوایەکم کرد لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بەم مەسەلەیە، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «با ڕێبکات وسواریش ببێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

سروشتی مرۆڤ وایە جاری وا هەیە کە تووڕە دەبێت وهەڵدەچێت بۆیە شتێک لەسەر خۆی واجب دەکات کە قورسە لەسەری، وئەم شەریعەتەی ئێمە دادپەروەری هێناوە، وقورسی وناڕەحەتی لەسەر نەفسی مرۆڤ لابردووە لە پەرستنەکان بۆ ئەوەی مرۆڤ بەردەوام بێت لە خودا پەرستی، ولەم فەرموودەیە خوشکی عوقبەی کوڕی عامر داوای لە عوقبە کرد کە پرسیار لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بکات سەبارەت بەوەی نەزرێکی کردووە کە بە پێی پەیتی بچێت بۆ ماڵی خودا -بۆ مسجد الحرام لە مەککە-، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زانیاری هەبوو سەبارەت بەوەی کە ئەم ئافرەتە دەتوانێت بۆ ماوەیەک ڕێ بکات، بۆیە فەرمانی پێکرد کە ڕێ بکات ئەوەندەی کە دەتوانێت، وئەگەر نەیتوانی ڕێبکات ئەوا با بە سواری پشتی ئاژەڵێکەوە بەردەوام بێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3001